**کـۆماری عـێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**بـڕیـار**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١) ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو ، و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٩/٧/٨ کراوە ، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩**
**(یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)**

**ماددەی (١):**
خاڵی (١) لە بـڕگەی (**سـێیەم**) لە مـاددەی (**شەشـەم**)ی یاسـاکە هەمـوار دەکـرێتەوە و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
١ـ هەڵبژاردنـی پارێزگـار لە دەرەوەی ئەنـدامانی ئەنجـوومەن یـان لە نێوانیانـدا بە زۆریـنەی ڕەهـای ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێت ، لە ماوەیەکدا کە ئەوپەڕی (٣٠) سی ڕۆژ لە مێـژووی بەسـتنی یەکەمین دانیشتن تێپەڕ نەکات.

**ماددەی (٢):**
بەدەر لە حوکمی بڕگەی (**دووەم**) لە ماددەی (**چواردەم**)ی یاساکە ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندیەکانیان لە کاتی کۆتایی هاتنی مـاوەی یاسـاییان تـا هەڵبژاردنـی خـولێکی نوێی ئەنجومەن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٣):**
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (٥):**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

بە مەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بەردەوام بوونی ئەنجوومەنەکان لە پیادەکردنی تایبەتمەندییەکان و هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن یان لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەن بە مەبەستی فەراهەمکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان بە شێوەیەکی باشتر، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠١٩/٧/٢١**

Mizan AL-Adalah firm for Lawyers and Legal Consultants
M.A.L Co.
شركة ميزان العدالة للمحاماة والاستشارات القانونية